سووتانی ئاو

وەرە.. سەیری دەریای ئەم ئەوینەکە..

چ ئاگرێکی بێئامانی ... گرتووە..

پەریزادەی شیعری ناسك ..

تەنیا و ... بێگۆڕ .. وا مردووە

f

نە من بارانم .. نە تۆش بیابانێکی تینوو

ئەی چی تێکەڵا یەکدیمان کا

نە من هەڵۆم و ..

نە تۆش رەشەبا

ئەی چی بۆ سەر ئەو ترۆپکە بەرزە دەمبا..؟

ئەی بارانی خەمهێنی پایزێکی درەنگ ..

دە ببارێ.. وشکە زەوی..

وشکە گەرووم..

دە ببارێ..

گەلێ تینووم ..!

شەوی ئازار و دەرد و مەینەتیم نابڕێتەوە

کەی رۆژم لێ دەبێتەوە؟!

وەك کەشتیەوانی گەمی شکاو ..

چەندە ماندووم

کەی چاو لێك دەنێم و .. دەنووم..!

عیشقم..

وەك دارستانێکی بێسنووری سپیندار ..

هەر دەسووتێ و ناکوژێتەوە..

لە دەنگما .. گۆرانی یەکی بریندار ..

خوێنی لێ دەچۆڕێتەوە..

نوزەم..

نوزەی غەریبی شمشاڵەکەی دەروێش عەبدوڵڵایە و ..

هەرگیزاوهەرگیز نابڕێتەوە..!

وا بێخەندە سەیرم مەکە..

چۆلەکەی چەندەها چیرۆکی پڕ گرین..

بەرەڵڵا مەکە!

دڵم ئەوەن لاواز بووە.. بە تاقە هەنسکێکی تۆ..

دەبێ بە ئاو دەتوێتەوە

مەمخە گریان .. دەنا دەریای فرمێسکی چاوانم..

چیا بڵندەکانیش .. دەشارێتەوە!

سلێمانی – 1982/6/11